# بۆ سەرجەم لیستە بەڕێزەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان
# با پارلەمانی داهاتووی کوردستان , پارلەمانێکی سپی بێت

پیرۆشحاڵین بە بەشداری کاریگەرانەتان لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و سەرخستنی پرۆسەکە , ئێمە وەك ناوەندی چاك داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین لە دیاریکردنی کاندیدەکانتان ڕەچاو ئەم خاڵانە بکەن کە لە خوارەوە هاتووە , لە پێناو ئەوەی پارلەمانی داهاتوو کوردستان پارلەمانێکی سپی بێت , خاڵی بێت لەو کەسانەی بە هەموو پێوەرێك دەچنە لیستی ڕەشەوە :

1. **ئەندامانی حزبی بەعس و هاوکارانی لە دەزگا جۆراو جۆرەکانی .**
2. **تاوانکارانی بەشدار و هاوکار لە کۆمەڵکوژی کورد .**
3. **بەشداران و ئەنجامدەرانی کاری تیرۆریستی بەرامبەر بە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان.**
4. **ئەندازیاران و سە رانی شەڕی براکوژی.**
5. **ئەندازیاران و سە رانی شەڕ دژ بە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان.**
6. **ئەوانەی پەیوەندی گوماناوییان هەیە لەگەڵ وڵاتانی داگیر کەری کوردستان.**
7. **ئە وانە ی فایلیان ئاشکرا بووە، بەڵگەی دانپێنراو لەسەریان هەیە کە کاریان بۆ رژێمی بەعس کردووە .**
8. **بەشداری کردبێت یان هاندەر بووبێت لە کوشتنی ژنان دا.**
9. **لەدەزگا سەرکوتکەرەکاندا ئەشکەنجەی هاووڵاتیانی دابێت و مافەکانی مرۆڤی پێشێلکردبێت.**
10. **بەشدار بووبێت لە دزین و تاڵان وبرۆی سامانی نیشتمانی. پێویستە هەموو پاڵێوروان سەروەت و سامانیان و سەرچاوەی پەیداکردنەکەی ئاشکرا بکەن بۆ خەڵک، پەیمانیش بدەن کە هیچ سامانێکی دیکەیان نییە جگە لەوەی ئاشکرا کراوە .**
11. **بەشدار نەبووبێت لە شوێنبزرکردنی هاووڵاتیانی کوردستان .**
12. **ئەو نووسەرانەی بۆ پشتیوانی رژێمی بەعسیان نوسیووە .**
13. **ئەو قەڵەمانەی ئاگری شەڕی براکوژیان خۆشکردووە .**
14. **ئەو قەڵەمانەی فتوای کوشتنی نووسەران و نەیارانی سیاسی و فکری خۆیان داوە .**
15. **ئەو پێنوسانەی هانی ژن کوشتنیان داوە .**
16. **ئەو کەسەی پلە و پایەی لە پێناو دەوڵەمەندبوندا بەکارهێنابێت و ماڵی گشتی خواردبێت .**

## چاودێری کوردۆساید-چاك

**Kurdocide Watch**

2009-5-17

www.chaknews.com

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

www.kurdocide.org
chak_org@yahoo.com

وێنەیەك بۆ:
-سەرجەم لیستە بەڕێزەکان
-سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن